## كۆندۆلیزاڕایس سەردانی یاریگای بلاک بۆرن دەکات لە (ئێوود پارک) ... ئەنوەر خەراجیانی



لە شاری بلاك بۆرن وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکا و بەریتانیا سەردانی شارەکەیان کرد و پاشان یانەی (بلاك بۆرن) یان بەسەر کردەوە چونە ناو یاریگای (ئێوود پارك) لە نزیکەوە چاویان بە یاریزانانی یانەکە کەوت، یانەی ناو براو دوو یاریزانی ئەمەریکی لە خۆ گرتووە وەك (ڕیس و براد فێد ڵ)
كۆندۆلیزاڕایس خۆشحاڵی خۆی دەربری بۆ یاریزانانی تیۆپی پێی ئەمەریکی کە ئاستێکی زۆر باشیان هەیە لە یانە پلە نایابەکانی ئەوروپادا بە تایبەتی یانەی ناوبراو.
پاشان ئەوەشی بەبیر هێنایەوە کە ئەمەریکا یەکێکە لە 32 وولاتە بەشداربووەکانی خولی مۆندیاڵی ئەم ساڵ کە لە ئەڵەمانیا بەڕێوە دەچێت، لە کۆتایی وتەکانیدا سۆپاسی یاریزانانی هەڵبژاردەی ئەمەریکای کرد کە تونیوتانە بگەنە خولی مۆندیاڵ، ئەم بەشدار بوونتان سەکەوتنێکی مێژووییە لە مێژووی ئەمەریکادا لە ڕاستیدا یاری تۆپی پێ لە کۆتایی سەدەی 20 دا بەرەو پێشەوە چوو، پاشان گۆڵچی یانەی بلاکبۆرن (براد فێدڵ) بە ڕەگەس ئەمەریکی زۆر دڵخۆش بوو بە هاتنی بەرپرسێکی وولاتەکەی بۆ ناو یاریگای یانەکەی، ووتی هەموو هەوڵێك ئەدەین لە مۆندیاڵدا کەوا ئاستێکی بەرز پشان بدەین.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت



